# هێزی ئێمه به( ئێوەی دژ به ئازادی سیاسی) کۆنترۆل ناکرێ!

دوێنێ بەرواری 5ی ئایار ، له خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی شاری سولەیمانیدا، لەکاتێکدا (ریبوار عارف)بەرپرسی کەمپەینی دادگایی کردنی صەدام و بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لەدەرەوەی وولات ووتارێك پیشکەش ئەکات لەبەردەمی ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن هیزەکانی یەکیتی نیشتمانیەوه دەستگیر کراو تا ئیستاش له زیندانەکانی پاشماوەی بەعسدا قایم کراوه..

(رێبوار عارف)جگه لەوەی هەمیشه له ریزی پێشەوەی خەبات و نارەزایەتیه جەماوەریەکاندا نەخشی جیدی بوە ،هەروەها هەمیشه مودافیعی سەرسەختی مافەکانی ژنان بوە و لەم بارەیەوه بەدرێژایی مێژووی ژیان و خەبات و تیکۆشانی ئەوبە پێشرەوی کردن له چەندین چالاکی جۆراوجۆردا تۆمارکراوه....

زیندانی کردنی (ریبوار عارف) لەلایەنی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوه هەولێکی لەرزۆکانەیه بۆ سەرکوت کردن و لەناوبردنی موخالیفانی سیاسی ، یەکێتی نیشتمانی هەرکات هەستی کردبێت بزووتنەوه نارەزایەتی و جەماوەریەکانی خەلکی به شیوەیەکی ریکخراوو یەکگرتوانه بەدوای بنیاتنانی دنیایەکی باشتردا هەنگاو ئەنێت ، هەموو وەلأمێکی ئەم هێزانه به تەقەکردن و راونان و زیندانی کردنی خۆپیشاندەران وەلأمی وەرگرتۆتەوه و به زیندانی کردنی رێبوارعارفییش سەلماندی که تەحەمولی هیچ چەشنه ئازادیەکی سیاسی ناکەن به تایبەتی (لەم قۆناغه ناسکەدا کەئەبیت هۆشدار بن بەوەی بەزەرە دلی حکومەتەکەی جەعفەریان لێ نەرەنجێت!)....

دوێنی مەلا بەختیار له رادیۆی لاوانی وولأتی سویدەوه هات و هاواری زۆری کرد بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت له کوردستاندا ئازادی سیاسی بەرقەراره ویاسا دیموکراتیەکەی (بۆش) سەری گرتوه ، هەرچەنده لەکاتی خۆیدا وەلامی قسه بێ بنەماکانی ئەو درانەوه ، بەلام ئەی ئەمرۆ به زیندانی کردنی ( ریبوارعارف)چ جۆره ئەلگۆیەك بۆ ئەم جۆره له ئازادی و دیموکراتی (ئیبداع) ئەکات؟؟؟

بەراستی شەرمەزاریه له سەدەی بیست ویەکدا وەلأمی سادەترین مافی لاوان ، خوێندکاران به زیندانی کردنی رابەرەکانیان ئەدەنەوه ، ئەم وەلأمەش مانای ئیدامه دانه به گەندەلی و فەسادی ئیداریاتیك که لەلایەن ی‌پرسراوانی یەکیتی نیشتمانیەوه رەواجی پیئەدریت لەلایەك و، وەلأمی (نا)یه بەداواکاریه رەواکانیان ئەمه جگه لەبێدەسەلاتی و مل نەدانی ئەم هێزه نەبێت بەرامبەر داواکاریه بەرهەقەکانی جەماوەر ناتوانریت ناوی هیچی تری لێ بنرێت...

ئێمه ژنانی نارازی به سیستەمی سەرکوت و ئیستیبداد و سیاسەتەکانی یەکێتی نارازین و ئەم کاره به توندی مەحکوم ئەکەین ، ئەگەر (ریبوار عارف)دەست بەجێ ئازاد نەکەن ئەوا یەکیتی نیشتمانی دەکەوێته بەردەم فشاریکی جەماوەری گەورەو جیهانی هێزه چەپ و رادیکالەکانی کۆمەلگاوه و ئەیانکەنه فلیمه سەرسورهینەرەکانی شانۆی جیهان ، چونکه هێزی ئێمه ، هێزی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازومۆدیرنی کۆمەلگا به کۆپی کەرانی سیاسەتمەدارانی حکومەتی بەعس و به ئیوەی دژبه ئازادیه سیاسیەکان کۆنترۆل ناکرێت ، بەم هێزه بەرینەوەیه ئەبیت یەکیتی مل به ئازادی بێقەید وشەرتی سیاسی بدات و هیچ کام لەم پیشیلکاریانه دووباره نەکاتەوه....

بژی ئازادی بێقەید و شەرتی سیاسی

بروخێ نیزامی سەرکوت و ئیستیبداد

2005-5-6

ئالأ فەرەج ala_faraj@yahoo.com

سەرنووسەری بلأوکراوەی (یەکسانی)

نوێنەری ریکخراوی ئازادی ژن لەعیراق- فنلاند